The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# پشتگیری له ڕاپەڕینی کوردستانی خۆرهەڵات بکەن

## جەماوەری گەلەکەمان

## ئازادی خوازان.........

**کۆماری ئیسلامی ئێران له سەرکووتی گەلەکەمان له بەشی خۆرهەڵاتی وڵاته داگیر و پارچه پارچەکراوەکەمان بەردەوامه , شەهید کردنی شوانەی قادری و ئیعدامکردنی تێکۆشەران تاکو دەگاته کارەساتەکەی 15–2 –2006 زنجیره کردارێکه کۆماری سەرکوتکەری ئیسلامی ئێران له ڕۆژو سەردەمێکدا ئەنجامی دەدن ڕژێمەکەیان لەهەموو کات زیاتر له ئاستی جیهانی کەوتۆته به ڕەخنەی توندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی .**

**له هێرشی ڕژێم له 15–2 بۆ سەر جەماوەر له هەنگاوێکی فاشیانەدا ,** له ماکۆ، پۆلدەشت، شۆت و بازرگان هەتا ئێستا 9کەس شەهید بوون و به دەیان کەسیش بریندار بوون و هەزاران کەسیش کیراون .

**له کاتێکدا ئێمه بانگەوازی گەلەکەمان دەکەین بۆ ئەنجامدانی ناڕەزایەتی , هاوکات ڕەخنەی توند دەگرین له پارته کوردستانییەکان به تایبەت پارتەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان که تا ئێستا هەڵوێستی جدییان نەنواندووه بۆ ڕسواکردنی ئەو کرداره سەرکوتکەرانەیەی مەلاکانی تاران , هاوکات داوا له جەماوەری گەلەکەمان دەکەین , هەموو لایەك بەشداری خۆپیشاندانەکان بکەن بۆ هاوپشتی خەڵکی تێکۆشەری ماکۆو و دەورەوبەری ساز دەکرێت له وڵاتانی هۆڵەند و دانیمارك و ...... .**

**وڵاتی هۆڵەند :**

**ڕۆژی هەینی 24 -2006-02 بەشدار به له خۆپیشاندان دژی هێرشی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران بۆ سەر خەڵکی کوردستان ،شوێن : بەردەم باڵوێزخانەی ئێران . کاتژمێر: 3 ی پاش نیوەڕۆ**

**پەیوەندی بەم ژماره تەلەفونانەوه بکەن : 0612127828 0641980859**

ناوەندی هەڵەبجه دژ به ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد–چاك
www.chak.info
chak_org@yahoo.com